کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٤-نیوەی یەکەمی گەلاوێژ ١٤٠١-ئووت ٢٠٢٢




## سەبارەت بە ئێکۆسۆسیالیزم

ل٤



## ئەگەر ئەم جارە ویژدانی نوستووت وەخەبەر هات، چەکەکەت دانێ

ل٢



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
### سەبارەت بە ئیدانەکردنی کوشتاری خەڵکی مەدەنی لە سەیرانگایەکی

دەوروبەری زاخۆ لە هەرێمی کوردستان ل٨



## یەکەم سەنگەری ڕژیمی ئیسلامی بە خەباتی ژنان خەریکە تێکدەڕوخێت

ل٥



## کۆماری ئیسلامی و دوو بەرابەر بوونی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ماوەی سێ ساڵدا

ل٧



## مردنی ٤٠ هەزار کەس لە ساڵدا، بە هۆی پیسبوونی هەوا لە ئێران

ل٧



## ڕەق و بێزاری دژ بە ئاخووندەکان پەرەدەستێنێ

ل٦




ل٨

سەروتار

## هۆشدار بە تۆڕ و ڕایەڵە سیخوڕییەکانی ڕژیم لە کوردستان

حکوومەتی ئیسلامی هەرلە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە لە ٤٣ ساڵ لەمەوە پێش، کوردستانی وەك ناوچەیەکی ئەمنییەتیی کە، مەترسییە بۆسەر بوونی دەسەڵاتدارانی نوێ ، چاو لێکردووە. لەو ماوەیەدا لەشکرکێشی و میلیتاریزە کردن، زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام، لە زومرەی ئامرازە سەرەکییەکانی خۆسەپێنی ڕژیم بەسەر خەڵکی کوردستاندا بووە. هەر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە بگرە تا هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، خەباتکارانی کرێکاریی و چالاکانی ژینگەیی، سەرجەمیان بەردەوام ئامانجی ئەم سیاسەتە سەرکوتگەرانەیە بوون.

کەمتر بنەماڵەیەك لە کوردستان هەیە کە ئەندام، دۆست، هاوکار، هاوسا و دراوسێیەکیان نەکەوتبێتە زیندان، لەسەر کار دەرنەکرابێ، بەزۆر ناچار بە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات نەکرابێت و یان ئێعدام و لەشەڕ لەگەڵ هێزی داگیرکەری ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، گیانی لەدەست نەدابێت. بەڵام لە پەنای هەموو ئەمانەدا بەشێك لە ئامانجەکانی ڕژیم لە کوردستان لە ڕێگای بەسیج گیری و پێکهێنانی تۆڕ و ڕایەڵەی سیخوڕییەوە، بەکردەوە دەرهاتووە.

یەکێك لە ڕێگاکانی پەرەپێدان بە تۆڕە سیخوڕییەکانی ڕژیم بریتی بووە لە، کەڵك وەرگرتن لە ڕێکخراویی بەسیج. لە هەل و مەرجێکدا کە ڕژیم ئەندام بوونی لە ڕێکخراوی بەسیجدا کردۆتە پێش مەرجی بەدەست هێنانی جێگە و پێگەی ئیداری و درێژەدان بە خوێندن، لە هەنگاوی یەکەمدا ژومارەیەکی بەرچاو، بەدانی وەعد و بەڵێنی جۆراوجۆر، بۆ بوون بە ئەندام لەم ڕێکخراوەدا هاندەدن. دواتر کەسی جێگە مەبەستی خۆیان بۆ کاری تایبەت لەگەڵ دامەزراوە سیخوڕی و ئەمنییەتییەکان، دیاری دەکەن و بە نهێنی ڕایاندەهێنن و ڕێکیاندەخەن

هاوکات نەبوونی سەرمایەگوزاری و بێکاری و نەبوونی هەڵی کار، سیاسەتی بە ئانقەستی هەژار کردنی خەڵك، گیرۆدەکردنی لاوان بەماددەی هۆشبەر بەپێی پلانی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵگا، تەنانەت لەناو زیندانەکان، زەمینە بۆ ڕاکێشانی کەسانی گەندەڵ و بەدفەڕ و ئەو گیرۆدەبووانەی کە هەزینەی پێویستیان بۆ دابینکردنی ماددەی هۆشبەر نییە، ڕێگەی دامەزراندنی ئەو جۆرە کەسانە لە تۆڕە سیخوڕییەکاندا خۆشکردووە. ئەو گەنج و لاوە بێ هیوایانەی کە لە هەرچەشنە شادی و خۆشیەك بێبەشن،

بە پووڵ و ڕەخساندنی ئیمکانی دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان بە ماددەی هۆشبەر و مەشروبە ئەلکۆلییەکان و تەنانەت بە وەعدە و بەڵێنی

درێژە ی ل٢

دریژه ی : (سەروتار)

## هۆشدار بە تۆڕ و ڕایەڵە سیخوڕییەکانی ڕژیم لە کوردستان

ناردنیان، بۆ دەرەوەی وڵات، شناسایی دەکەن و بەکاریان دێنن.

بەڵام تۆڕە سیخۆڕییەکانی ڕژیم ئاڵۆزتر و بەربڵاوترە لە بەکارهێنان و کەڵکوەرگرتن

لە کەسانی بەدفەڕ و لۆمپەن. ئەو مەزهەبییە توندڕە و سەلەفییانەی کە مانەوەی کۆماری ئیسلامیان لە حکوومەتێکی ئازاد و دێمۆکراتیک پێ باشترە، کەسانی دواکەوتوو و قازانجپەرەست کە بۆ بەدەستهێنانی هەل و مەرجێکی ئەوتۆی ماڵیی و کاریی، لە هیچ بێ بەندوباری و خەیانەتێک خۆنابوێرن، ئاخوندەکان، ئەو ئەرباب و ڕانتخۆرانەی کە بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتی حکوومەتی و بەرژەوەندی ئابووری، لە هیچ هاوکارییەك لەگەڵ ڕژیم درێغ ناکەن، بەشێکیترن لە تۆڕەکانی هاوکاری و گەیاندنی زانیاری بە دام و دەزگا ئیتلاعاتی و سیخوڕییەکانی ڕژیم لە کوردستان. بەشێك لەم تۆڕە سیخوڕی و ئیتلاعاتیانە خەریکی خەبەر چینی، تیرۆر و خرابکاری لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە و عێراق و سورییەن.

ئەزموونی ڕووخانی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان لەوانە، حکوومەتی سەڵتەنەتی، دەریدەخات کە، زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە هاوکاری بەکرێگیراوە نهێنیەکانی کۆماری ئیسلامی، سەرەنجام ئاشکرا دەبن. ئەوکات وێڕای ڕەسوایی و شەرمەزاربوونیان، پێویستە لە دادگا جەماوەرییەکاندا لە ئاست هاوکاری و بەشداربوونیان لە جینایەت و سەرکوتەکانی ڕژیمدا، وڵامدەرەوە بن.



دەسەڵاتی ئیسلامی کە لەگەڵ شەپۆلی قووڵ و بەربڵاوی نەفرەت و بێزاری زۆربەی هەر زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەرەوڕووە، دەرنگ یا زوو دەروخێ و سیخوڕەکان، ئەشکەنجەگەران و بەکرێگیراوانی تری ڕژیم دەمێننەوە و جەماوەرێکی بێزار و ناڕازی لە چواردەیە جینایەتی دەسەڵاتدارە کۆنەپەرەستەکان. بەرپرسانی ڕژیم بە دزین و بە تاڵانبردنی ملیارد دۆلاریی، هەوڵ دەدەن ئێران جێ بهێڵن و بەکرێگیراواکانیان کە ئیمکانی هەڵاتن و دەربازبوونیان نییە، لەگەڵ ڕەق و بێزاری و دادخوازی جەماوەر، بەرەوڕوو دەبنەوە. پەشیمانی سیخوڕەکان لە کۆتا ڕۆژەکاندا بەدادیان ناگات و پێویستە هەر لە ئێستاوە بە دوور کەوتنەوە لە ڕیزی جینایەتکارانی ڕژیم و بە ئاشکراکردن و زڕاندنی ناوی هاوکارەکانیان، لە بابەت هاوکاری کردن لەگەڵ داگیرکەران و جینایەتکاران، داوای لێبوردن لە جەماوەری شەریف و خەباتکاری کوردستان بکەن. ئەگەر هەر لەمڕۆوە ڕیزی خۆیان لە دام و دەزگای سەرکووت و جینایاتی حکوومەتی ئیسلامی جیا نەکەنەوە، سبەینێ زۆر دەرنگ دەبێ و بەهۆی بەشدارییان لە جینایەتەکان لە دژی خەڵکی کوردستان و دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانێکی گەورە دەدەنەوە.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## سەبارەت بە ئیدانەکردنی کوشتاری خەڵکی مەدەنی لە سەیرانگایەکی دەوروبەری زاخۆ لە هەرێمی کوردستان




ئەرتەشی جینایەتکاری تورکیا، لەدرێژەی حزوور و کردەوەی دەستدرێژیکارانەی خۆیدا لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٠ی ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی گوندی "پەرخ" شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو کەسانەی کە بەمەبەستی سەیران چووبوونە ئەو سەیرانگایە و زۆربەشیان خەڵکی ناوچەکانی باکووری عێراق بوون، تۆپباران کرد. لە ئاکامی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا ٩ کەسی بێ دیفاع گیانیان لەدەستدا و پتر لە ٢٠ کەسی تر و لەوانە چەند منداڵ بە سەختی بریندار بوون. ئەم جینایەتە سێهەمین کردەوەی ئەرتەشی تورکیایە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا لە دژی خەڵکی ناوچەکە و ئەو کەسانەی بۆ سەیران ڕوو دەکەنە سەیرانگای هاوینە لە گوندی "پەرخ" لە هەرێمی کوردستان. ئەو کردەوەیەی ئەرتەشی تورکیا شەپۆلێک ناڕەزایەتی و بێزاری لەناو خەڵکی عێراقدا درووستکرد. لە ناڕەزایەتی دژ بەو جینایەتە ئاڵای تورکیا لە سەر

باڵوێزخانە و کۆنسوڵگەری و ناوەندە بازرگانییەکانی ئەو وڵاتە لە بەغدا و نەجەف لەلایەن خەڵکی تووڕە و ناڕازییەوە کێشرایە خوارەوە بەرپرسانی دەسەڵاتداری عێراق بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و تووڕەیی خەڵک، لە ئاستی جۆراوجۆردا کاردانەوەیان نیشاندا و ئەو کردەوەیان مەحکووم کرد. سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە هەیئەتێکی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ڕەوانەی ناوچەکە کرد.

ئەو جینایەتەی ئەمڕۆ، یەکەم کردەوەی پلان بۆ داڕێژراو و بە ئەنقەستی دەوڵەت و ئەرتەشی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و لەدژی خەڵکی مەدەنی و دانیشتوانی بێ دیفاعی ئەو ناوچەیە نییە. ئەرتەشی تورکیا بە حزوور و پێشڕەوی تا قووڵایی خاکی کوردستانی عێراق و جێگیربوون لە ناوچە جیاجیاکان و هەروەها بە درووستکردنی چەندین مۆڵگە و پادگانی نیزامی، ئەمنییەتیان لە خەڵکی ناوچەکە زەوت کردووە. لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا جگە لە زیانی ئینسانی و نا ئەمن کردنی شوێنی کەسب و کاری خەڵک، دارستانەکانی ناوچەکەش لە ئاگردا دەسووتێن، ژینگە لەناو دەچێت و زیان بە ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوییەکان و مەڕو ماڵاتی خەڵک دەگات.

جگە لەوەش ئەرتەشی تورکیا هەتا ئێستا چەندین جار لە باکوور ترین و لە قووڵایی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و کەڵک وەرگرتن لە تاقم و گروپە تیرۆریستییە نهێنییەکانی لە ناوچەکە، خەڵکی ئاسایی و خەباتکارانی کوردستانی سووریا و تورکیای کە بە ئاگاداری و ئیزنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە دەژین، کردۆتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستیەکانی.

ئەم دەستدرێژیە جینایەتکارانەیە لە هەل و مەرجێکدا بەڕێوە دەچێت کە دەوڵەتی نەژادپەرستی ئۆردوغان و حیزبی دەسەڵاتدار واتە " ئاکەپە" لە تورکیا لەگەڵ کۆمەڵێک شکست و ناکامی بەرەوڕوو بوونەتەوە. قەیرانی ئابووریی و دابەزینی نرخی لیرەی تورکیا، پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری، دەژایەتی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لەگەڵ سەرەڕۆیی و تاکڕەویی و هەروەها شکست و ناکامییە ناوچەییەکانی ئەردۆغان، ڕژیمی تورکیای خستۆتە بارودۆخێکی گەلێک لاوازەوە.

ئەردۆغان دەیەوێ بە ماجەراجۆیی و داگیرکاری لە خاکی وڵاتانی دراوسێ و بە تایبەت دژایەتی لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ناسیونالیسمی تورک و ئیسلامییە بناژۆخوازەکان لەگەڵ خۆی هاوڕا

بکات و لە گیروگرفتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کەم بکاتەوە. جینایەتی ڕێکخراو و ئاگایانە و لەوانە داگیرکاری و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع لە ناوچە کوردنشینەکان لە هەرێمی کوردستان و کوردسانی ڕۆژئاوا کە بەردەوام و ئامانجدار دوپات دەبنەوە، ڕێک لەم پێناوەدایە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هێرشی وەحشیانەی ئەرتەشی تورکیا بۆسەر سەیرانگای " پەرخ " لە هەرێمی کوردستان و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاع، بەتووندی ئیدانە دەکات و هاودەنگ لەگەڵ جەماوەری ئازادیخوازی ناوچەکە، خوازیاری کۆتایی هێنان بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان و حیزبەکەی لە لەدژی خەڵکی کوردستانە. کۆمەڵە هاوکات لە سەرجەم هێزە پێشکەوتنخواز و مرۆڤ دۆستەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و خەباتکارەکان و جەماوەری وەگیانهاتوو لەدەست جینایەت و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا، داوا دەکات کە بەهەر شکڵێکی مومکین لەدژی تۆپبارانی بەئەنقەست و ئامانجداری سەیرانگە و خەڵکی بێ دیفاع لە هەرێمی کوردستان، یەکگرتووانە دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەگوێی خەڵکی جیهان بگەیەنن و خوازیاری کۆتایی هێنان بە جینایەتەکانی دەوڵەتی تورکیا و شەڕ و داگیرکارییەکانی، لە هەرێمی کوردستان بن.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
چوارشەممە ٢٩ی پووشپەڕی ١٤٠١ی هەتاوی
٢٠ی ژوئیەی ٢٠٢٢ی زایینی

***



# ڕەق و بێزاری دژ بە ئاخووندەکان پەرەدەستێنێ

ئیمام جومعەی مەشهەد و نوێنەری عەلی خامنەیی لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی ڕایگەیاند، پێویستە خەڵك ئیمام جومعە وەکوو باوکی خۆیان قبوڵ بکەن، هیچکەس سووکایەیی و بێ ڕێزی بە باوکی ناکات، ئەمە کەمترین ئەرکی خەڵکە لە بەرامبەر ئیمام جومعەدا. قسەکانی ئیمام جومعەی مەشهەد شتێکی لەناکاو و بێ پێشینە نییە، ڕۆڵی ئیمام جومعەکان وەك هێمای گەندەڵی و ڕێکخەر و کۆکەرەوەی لات و چەقۆکێشەکان، تاوانبارانی سەرەکیی ئەسید پژاندن بە ژناندا، ڕێکخستنی گرووپە بەکرێگیراوەکان، تێکدەری کۆنسێرتەکانی مۆسیقا و هیتر، بۆ هەمووان ئاشکرایە.

لە شارە ئایینییەکانی وەك مەشهەد، قوم، شا عەبدولعەزیم و هیتر، ئیمام جومعەکان بە هاوکاری لەگەڵ بەیتی خامنەیی، پرۆژەی گەورەی ئابووری وەرێدەخەن و داهاتی زۆر و زەبەند بەدەست دەهێنن. ئەم ناوەندانە جگە لە داگیرکردنی زەوی و زارێکی زۆر، دوکان و شوێنی جۆاروجۆر، تەنانەت بازرگانی سیغە و لەشفرۆشی ئیسلامی، بۆ زیارەتکارانی عەرەب، بیانی و ناوخۆییش، بەڕێوەدەبن. بڕی داهاتی ئەو ناوەند و دام و دەزگا ئاینیانە، شاراوەیە. ئەوان نەتەنیا هیچ ماڵیاتێك نادەن، بەڵکوو بە ملیارد یارمەتی لە دوڵەت وەردەگرن، بۆ ڕاهێنانی ئاخوند و بانگەشەکارانی ئایینی و چاپکردنی کتێبی ئایینی شیعە و ناردنی ئاخووند بۆ پارچەکانی دیکەی جیهان، بۆ دیفاع لە کۆماری ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی شیعە و تیرۆریسم. یەکێك لە ڕەقەمە جێگیرەکانی بوودجەی ساڵانەی دەوڵەت، سەهمی ئەو ناوەندانەیە کە ساڵانەش، پێی زیاد دەکات. ئاخوندەکان نووکی هێرشی کۆنەپەرەستانەی ئایینی شیعەن بۆسەر کوردستان، بەهاییەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و بەتایبەت بۆسەر ژنانیش.

ئەوان ڕۆڵێکی زۆر بەرچاویان هەیە لەسەپاندنی بێ مافی و هەڵاواردن بەسەر ژناندا. بۆ نموونە ئیمام جومعەی ئیسفەهان کە ڕۆڵی ئەو لە پژاندنی ئەسید بەسەر ژنانی ناڕازی بە حیجابی زۆرە ملێ و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەکەس شاراوە نییە ، سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە وتووێژێکدا سەبارەت بە حیجابی زۆرە ملێ وتویەتی: ئایا دەکرێت یاسا ئیجباری نەبێت؟ ئایا بەستنی پشتێنەی سڵامەتی لە ناو ئۆتۆمبێلدا ئیجباری نییە؟ ئایا حیجاب لەوە کەمترە؟

ئاخوندەکان باڵی سەرەکی سەرکووت و داگیرکردن و میلیتاریزەکردنی کوردستانن و کەس فتوای جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان و جینایەتەکانی خەڵخاڵی لە ئێعدامەکان و قەتڵی عامی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و هەروەها جینایەتەکانی سەفدەری لە کووشتنی خەڵکی سنەدا، لەبیر نەچۆتەوە. یاساوکردنی تیرۆر و شەڕخوازی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەبلیغات بۆ ناردنی منداڵان بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی مین لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقدا، ڕۆڵگێڕان لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی شارەکان و پڕچەککردنیان لە دژی جەماوەری خەڵك، بەشێکە لە مێژووی چوار دەیە تاوان و جینایەتەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران. جەماوەرێکی کە شایەتی دەستتێوەردانی ئاخوندە مفتەخۆر و فرەوێژ و دەم هەراش لە هەمووی کاروباری ئەو وڵاتە، لە خوارەوە تا سەرەوەن، ئەوان بە هۆکاری هەموو کێشە چکۆلە و گەورەکانی ئێرانیان دەزانن و هەر بەم هۆیەشەوە لە هەموو دەرفتێك کەڵك وەردەگرن، بۆ ئەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە ئاخوندەکان دەرببڕن. پەرەسەندنی شەپۆلی ناڕەزایەتی دژ بە ئاخوندەکان، تەنانەت هەواڵی تێکهەڵچوونی جەستەیی و کوژرانی چەند ئاخوند لە مانگەکانی ڕابردوودا، ترس و خۆفێکی زۆری لەناو ئەوان و دامەزراوە ئایینییەکاندا، درووست کردووە.

لە ئێران نزیکەی نیو ملیۆن ئاخوند و فەقێ بوونی هەیە کە لە بەرپرسە باڵاکانی وڵاتەوە بگرە تا ڕێبەریی و سەرۆك کۆماری، لە پەرلەمانەوە تا دەگاتە دام و دەزگا نیزامی و ئیتڵاعاتییەکان، لە ژووری ئەشکەنجەوە تا دەگاتە دەسەڵات لە گوندێك، مەدرەسەیەك، ئیدارەیەك، کارگەیەك، ڕۆژنامە، دادگا، زیندان، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیان لە ئیختیار دایە. زۆرێك لەو ئاخوندە دەست ڕۆیشتووانەی حکوومەتی، بوونەتە مافیای ئابووری و بەشە جۆراوجۆرەکانی هاوردە و هەناردەیان قۆرخکردووە و منداڵەکانیشان نوقمی گەندەڵین.

لە دوا ڕۆژی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەو ئاخوندانەی و لە تاوان و جینایەتەکاندا بەشداربوون و لە سەر داهات و سامانی ئەو وڵاتە، بوونەتە خاوەنی ملیۆنان و ملیاردها دۆلار و دەستیان بووە لە سەرکووت و جینایەتەکاندا، دەبێ وڵامدەرەوەی گەندەڵی و جینایەتەکانی خۆیان بن.

جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و بارهێنان، بڕینی بە تەواوەتی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی لە دامەزراوە ئایینییەکان، وەرگرتنی ماڵیات لە دام و دەزگا و ناوەندە ئایینییەکان، هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئیمتیازاتی تایبەت بە ئاخوندەکان و دامەزراوە ئایینییەکان، کەمترین کارێکە کە پێویستە بکرێت، بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سکۆلار، ئازاد و بەرابەر و خوش بژێو.

***

# ئەگەر ئەم جارە ویژدانی نوستووت وەخەبەر هات، چەکەکەت دانێ

شەپۆلێکی نوێی دەستبەسەرکردنی سیاسی، گوشار بۆسەر ژنان، هەڕەشە لە موعەلیمان و خانەنشینکراوان، خستنەڕێی ناوەندێکی نوێ لە ژێر ناویی "پولیسی ئەمنییەتی ڕەوانی" بە مەبەستی سەرکوتی زیاتر، تەبلیغات و پڕوپاگەندەیەکی بەربڵاو، لە لایەن خامنەیی و ئاخووندەکانیتری ناو حکوومەتەوە، کەوتۆتەڕێ تا بەر بە پەرەسەندن و پێشڕەویی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵك بگرن. ڕژیم بەم کارانەی هەوڵ دەدات ئێران بۆ دەیەی ٦٠ و لووتکەی بەربەڕیەت و توندوتێژی حکوومەتی ئیسلامی بگەڕێنەتەوە.

عەلی خامنەیی لە وتاری دوو حەوتوو لەمەوبەری خۆیدا، خودای ساڵ□١٤٠٠ی هەر بە خودای ساڵی ١٣٦٠ ناو لێبرد و لە ژێر ناوی دیفاع لە ئەمنیەتی ڕەوانیدا، بە بەرپرسانی باڵای نیزامی و ئەمنییەتی، فەرمانی شەپۆلی نوێی دەستبەسەرکردنی خەڵك و موخالفینی سیاسی دەرکرد. خودای ساڵی ١٣٦٠ بۆ خامنەیی، ئاماژەیە بە ئێعدامی ئەو هەزاران زیندانیە سیاسیە کە تەنانەت کۆمەڵگاش لەکاتی خۆیدا لەم جینایەتانە ئاگادار نەکرا.

وتەکانی خامنەیی هەڕەشەیەکی ئاشکرابوو بۆ خەڵکی ناڕازیی و ئەگەر نەیانهەوێ ئەو نیزامە تەحەممول بکەن، دەبێ چاوەڕێی خودایەك بن کە لە دەیەی ٦٠دا بەنێوی ئەو، هەزاران کەس قەتڵی عام کران. بەڵام لە پشت ئەم هۆشداری و هەڕەشانەوە ترسێك لە جێگەوپێگەی لاوازی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەیە. خەونی ڕووخان و لەناوچوون بۆ بەرپرسانی ڕژیم بەڕادەیەك خۆفناکە، کە تەنانەت لە سێبەری خۆشیان دەترسن. ئاڵوگۆڕ و پاڵاوتنەکانی ئەم دواییانە لە ئاستی باڵای سپای پاسداران و دژبەرانی خامنەیی، هێمایەکە لە ترس و پڕژوبڵاویی، لەناو ڕیزەکانی دوژمندا.

پێ بە پێی هەستکردنی ڕژیم بە مەترسیەکان بۆسەر خۆی و قووڵبوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەر و ئەگەری ئاخێزێکی بەربڵاو و گشتی، توندوتیژی دام و دەزگای ڕژیمیش پەرەیسەندووە. لەم پێوەندیەدا هێزە جەماوەریی و ئازادیخوازەکان لە بانگەشەیەکدا بۆ هێزە چەکدارەکان، داوایان لێکردوون بە خەڵك پەیوەست بن و تەقە لە خەڵك نەکەن. سینماگەران و موسیقاکاران لە ڕاگەیاندن و سروودەکەیەندا داوایان لە هێزە سەرکوتگەرەکان کردووە، چەکەکانیان دابنێن و تەقە لە خەڵکی ناڕازیی نەکەن.

ئەگەر ئەم جارە ویژدانی نوستووت وەخەبەر هات، چەکەکەت دانێ□□ ئێستا دوو کەس لە سینماگەرانی بەرچاو واتە، محەممەد ڕسوڵ ئۆف و مستەفا ئالی ئەحمەد، بە هۆی واژۆی بانگەشەی "چەکەکەت دانێ" دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کراون.

خەڵك کە خاوەنی ئەزموونەکانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران و ئاخێزە ناوچەیی و جیهانییەکانن، بە دروستی و زۆر بەرپرسانە، داوا لە هێزە چەکدارەکانی ڕژیم دەکەن چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی ئەم ڕژیمە کۆنەپەرەست و گەندەڵە ئیسلامییەوە گرێ نەدەن، دژ بە خەڵك نەوەستنەوە، بڕووبیانووی بەناو "مەئمور و مەعزوور بوون" لە دوای ڕووخانی ڕژیم، کردەوەی جینایەتکارانەی ئەوان پاساو ناکات. خامنەیی و هاوبەشەکانیان ناتوانن کۆمەڵگە بۆ سەردەمی دەیەی ٦٠ بگەڕێننەوە، گەشەی تکنۆلۆژیا، ئیمکاناتی پێوەندی بەربڵاو، بوونی ملیۆنان ئێرانی لە دەرەوەی وڵات، گەشەی ووشیاری و حزووری بەرچاوی ملیۆنان کرێکار، موعەلیم، خانەنشینکراو، ژن، نووسەر و هەواڵنێر، هونەرمەند و خوێندکار و هەروەها ئەزموونی ٤٣ ساڵ سەرکوت و جینایەتی ڕژیم، ناکرێت لە بیر و زەینی خەڵکدا بسڕدرێتەوە و ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا پێچەوانە بکرێتەوە.

درووشم و بانگەشەی چەکەکەت دانێ لە کوردستان، زۆر لەوەش گرینگترە. ئەم درووشمە واتە، بانگەشە و داواکردن لە هێزە چەکدارەکان بۆ ئەوەی لەدژی خەڵك نەوەستنەوە، تەقە لە کۆڵبەران و خۆپیشاندانی جەماوەری ناڕازیی نەکەن، چەکەکانتان فڕێبدەن یان لە فەرمانی فەرماندە جینایەتکارەکان سەرپێچی بکەن و نەبنە ئامرازی سەرکوتی جەماوەر.

بەشێکی عەزیم لە هێزە چەکدارەکان و بە تایبەت سەرباز و پلە نزمەکان، سەر بە توێژی بێبەشی کۆمەڵگان و بەهۆی ناچاری، نەبوونی وشیاری، هەژاری و بێکارییەوە، چوونەتە خزمەت ڕژیمی ئیسلامی و حیسابی ئەوان لە حیسابی فەرماندە گەندەڵ و جینایەتکارەکان، سیخوڕ و ئەشکەنجەگەران و لە دەسەڵاتدارانی دز و جینایەتکاری ڕژیمی ئیسلامی، جیایە. لەساڵی ١٣٥٧دا پۆل پۆل لە هێزە نیزامییەکان نەتەنیا بەشداری سەرکوتی خەڵك لەلایەن دەسەڵاتی گەندەڵ و سەرەڕۆی پەهلەوییەوە نەبوون، بەڵکوو بە تووڕ هەڵدانی چەکەکانیان، بە پەیوەست بوون بە خەڵك و تەنانەت بە خەبات لە دژی حکوومەتی پەهلەوی، بە کردەوە یارمەتیدەر بوون بۆ ڕووخانی نیزامی سەڵتەنەتی.

درووشم و داخوازی چەکەکەت دانێ، خواستێکی ئینسانیی و پیرۆزە، تەنانەت خزمەتێکە بەو هێزانەش کە ئەندامی هێزە چەکدارەکانی ڕژیمن و هیچ بەرژەوەندییەکان لە مانەوە و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نییە. بەردەنگی چەکەکەت دانێ، ئەو کەسانەن کە هەر ئێستا و بە هەر هۆکارێك لەناو دام و دەزگای سەرکوتی ڕژیمدان، لە سەرکوت و جینایەتەکانی ئەم حکوومەتەدا بەشداریی نەکەن و خۆیان لە خزمەت بەم ڕژیمە بەدناو و ڕەسوایە، بپارێزن

***

# دریژە ی: سەبارەت بە ئێکۆسۆسیالیزم

لەم ڕێڕەوەدا، ئەوەی کە خۆی لێ نابوێردرێت پیسبوونی زاتری ژینگەیە. بابەتەکە ئەمەیە کە ئێمە لە هەسارەیەکی سنووورداردا دەژین و ئەگەر هەر بەمشێوەیە بەردەوام بین دوورنییە کە تووشی چارەنووسی دۆدۆ (باڵندەیەک کە لە سەدەی ١٧ی زایینی و بەهۆکاری ڕاستەوخۆی هەڵسوڕانەکانی مرۆڤ لەناوچووە) بین. کەوایە دەبێت چی بکەین؟

ئابووریناسانی سەرمایەداری، بەرپرس و خاوەنانی کۆمپانیا گەورەکان تا ئێستا بە دوو شێوە لەگەڵ ئەم کێشەیە هەڵسوکەوتیان کردووە. زۆرینەی ئەوان خۆیان بواردوە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم کێشەیە. تەنانەت هەندێک لە ئیدیۆلۆژیکەکان و هێرشبەرەکای وەک ئیکسۆن مۆبیل ExxonMobile ، حاشا لێکەرانی گۆڕانی هەرێمی و ئیقلیمی پشتیوانی ماڵی دەکەن (لەم نموونەیەدا کۆمپانیای ئیکسۆن دەستی داوەتە هەڵکەندن بۆ دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەکانی باکووری ڕووسیا کە بەهۆی گەرمبوونی جیهانیەوە کە هەر ئەمانە حاشای لێدەکەن سەهۆڵەکانی تواوەتەوە). بەڵام هەندێکیتر، ڕاستەقینە بوونی بابەتەکەیان قبوڵ کردووە بەڵام هەوڵ دەدەن بە نیشاندانی "سەوز"بوون و ژینگەپارێز بوون، خۆیان وەک بەکارهێنەر، کارمەند و سەرمایەگوزارانێکی بەئاگا و هاوڕێی ژینگە نیشانبدەن. لە ئاکامدا ئەوان پاشەڕۆی کەمتر بەرهەم دەهێنن و ڕێسایکێڵ (دووبارە بەکارهێنان) پێشنیار دەکەن بە هەموان. ئەوان خەریکی بەرهەمهێنانی کاڵاگەلێکی سەوز وەک خواردنە سروشتیەکان، خاوێنکەرەوەی بێ مادە ژەهراویەکان، کەلوپەلی ناوماڵ و گڵۆپی کەم مەسرەف و شتی لەوبابەتە دەخەنە ناو بازاڕەوە و دەکرن و بۆردی وزەی خۆر لەسەر سەربانەکانیان دادەنێن و کاری لەم شێوەیە.

بۆ دڵنیابوونی زیاتر، ئێمە هەموو خۆراک و کەلوپەلەکان و خانوەکانمان لەگەڵ ئەم شێوە ژیانە سەوزە ڕێکدەخەین. بەڵام بەرهەمهێنانی سەوز ناتوانێت بەڕاستی جێگەی بایەخی سەرەکی کۆمپانیا گەورەکان لەباتی قازانجی زیاتر و گەشەی زۆرتر، گۆڕانێك لە ژینگەدا پێکبێنێت. بابەتەکە بەم شێوەیەیە: بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیای فۆرد بیهەوێت ئۆتۆمبێلی هایبریدی بەرهەم بهێنیت و سەربانەی کارخانەکانی بە بۆردی وزەی خۆر داپۆشێت، چی ڕوودەدات جگە لەوەی بە ملیۆنەها ئپتۆمبێلی گەرمکەرەوەی زەوی نوێ بەرهەم هاتووە؟ بۆ ڕزگار بوونی مرۆڤ ئەوەی کە پێویستە نە ئۆتۆمبێلی هایبریدی و سەوز بەڵکە بەرهەمهێنانی کەمتری ئۆتۆمبێلە. ئای اکۆمپانیایفۆردبۆڕزگارکردنیمرۆڤایەتیئامادەیەخۆیلەناوبەرێت؟ئایابەڕاستیگرنگەکەکۆمپانیائەپڵگەورەترینکێڵگەیوزەیخۆریلەناوچەیمۆنترێیکانتیبۆدابینکردنیوزەیکۆمپانیاکەیلەکالیفۆرنیاپێکهێناوەکاتێکهێشتاشبەمیلیاردەهامۆبایلیبێکەڵکیوەک٤،٥،٦ ،٧،وهاوشێوەکانیبەرهەمدەهێنێتودەفرۆشێت؟

ڕێڕەوی بێ کۆتایی بەرهەمهێنانی کاڵا ئەلیکترۆنیە کەم تەمەنەکان و هیتر..، دەبێتە هۆی بەکارهێنانی بێ سنووری سەرچاوە سرووشتیەکان، لە کۆنگۆوە (بۆ دەرهێنانی ناپێویستی کانی کێلتان "بۆ بەکارهێنان لە کاڵا ئەلکترۆنیەکاندا") هەتا بۆلیوی (دەرهێنانی لیتیۆم بۆ پاتریەکان) تا کانسان (دەرهێنانی نەوت بە شێوەی فراکینگ "شێوەیەکی ڕووخێنەر بۆ سرووشت بە مەبەستی دەرهێنانی نەوتی نەناسراو" بۆ بەرهەمهێنانی پارێزەرە پلاستیکیەکان، وزەی کەشتی، بەرهەمهێنانی وزە و هیتر..) وە لەکۆتاییدا بەرهەمهێنانی ژینگە پیسکەرەکان لە هەموو شوێنێک. پێویستی ئێمە بۆ مۆبایل کاتێک بەردەوامە کە تەمەنیان کەم و یەکجارەکی نەبن. ئێستا کۆمپانیای ئەپڵ چۆن دەتوانێت لە بازاڕدا بمێنێتەوە کە کاڵای وەها بەرهەم نەهێنێت؟ ئایا بەڕاستی گرنگە کە خواردنەکان بە شەکری ئۆرگانیک و سرووشتی بفرۆشرێت کاتێک دارستانەکانی ئامازۆن هەموو ڕۆژێک بچووک و بچووکتر دەبێتەوە بۆ ئەوەی جێگە بۆ بەرهەمهێنانی شەکری سرووشتی بکرێتەوە؟ وە ئایا بەڕاستی دەردێک چارەسەر دەبێت کە ئێمە هەزارەها خۆراکی سرووشتی بەکاربهێنین کاتێک هەر ئەو خۆراکانە لە پاکەت و دەوری یاکجارەکی پلاستیکیدا دەفرۆشرێن کە بە سەدەها ساڵ لە سرووشتدا دەمێننەوە؟ سەوز بوون بە چ واتایەکە؟

دوای هەموو ئەو وتانە و کردارانەی داهێنەرانی ژیانی سەوز، هێشتاش جیاوازیە ژینگەناسیەکانی سەرمایەداری بەردەوامە: دەستکەوتنی قازانجی زیاتر لەگەڵ ڕزگاری ژینگە لە ناخەوە لە دژایەتیدایە، ئەم دوانە لە لایەنی سیستەمیەوە ناتوانن لەگەڵ یەکتردا بگونجێن تەنانەت کە ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لێرە و لوێ بتوانن بەیەکەوە ڕێکبکەون. خاوەنان و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکان تا ئەو جێیە دەتوانن ژینگە و سرووشت لە بڕیارەکانیاندا لەبەرچاو بگرن کە قازانجێکی بۆیان هەبێت. بەڵام ڕزگاری زەوی خوازیاری ئەوەیە کە بەدواداچوونی قازانج بەشێوەی سیستماتیک بکەوێتە شوێن بۆچوون و خاڵە ژینگەناسیەکان "ئێکۆلۆژیک"، وە ئەمە ئەو شتەیە کە ئەوان ناتوانن ئەنجامی بدەن. بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی دەبێت ئێمە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بێ ئەملاوئەولا، بەکارهێنانی سوتەمەنی فۆسیلی بخەینە ئەولاوە، بەرهەمهێنانی خەڵوزیبەرد ڕاوەستێنین، بەخێرایی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز کەم بکەینەوە و هەر جۆرە پیشەیەکی پشتبەستوو بە سوتەمەنی فوسیلی لە ئۆتۆمبێلەوە بگرە تا فرۆکە، لە بیناسازیەوە بگرە تا پیشەی توریستی و سەیران، سنووردار بکەین. بەڵام هیچ دەستەیەکی بەڕێوەبەر ئامادەی فیداکردنی دەستکەوتەکانی نییە، کەوایە تەنیا ڕێگە کە دەمێنێتەوە لە ڕێ بەدەرکردنیان و ڕاگرتنیانە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی. سەرمایەداری سەوز، ڕێگەچارە نییە و فریودانە. ڕێگەچارەیەکی سەرمایەدارانە بۆ قەیرانی ژینگە بوونی نییە. یا سەرمایەداری یان مرۆڤایەتی، ئێمە ناتوانین هەردووکیان ڕزگار بکەین.

### هێزی چینی کرێکار

ئێمە خەبات دەکەین بۆ بەدەستەوە گردنی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکار و بەردەوامیی؛ بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد ودادپەروەرانە؛ کە دەبێتە هۆی پەروەردەی بەهرە و تواناییەکان لە ڕێگای چاککردنەوە و سارێژ کردنەوەی ئەو برینانەی کە سەرمایەداری لە نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سروشتی ژینگەیی زەوی (ئیکۆلۆژی زەوی) خولقاندویە.

سەرمایەداری سیستمێکی کێبڕکێیە لەسەر بناغەی شوێنکەوتنی بێ سنووری قازانج کە تێیدا ئەو کرێکارەی هەموو سامانە کۆمەڵایەتیەکان بەرهەمدەهێنێت و هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی بەسەر بەرهەمهێنان و بڵاو کردنەوە و ئەو قازانجەی کە بەدەستدەهێندرێت، نییە. لەم کەوتنە شوێن قازانجەدا "بەهەر جۆرێک کە دەکرێت" پێداویستی کۆمەڵ و پارێزگاری لە ژینگە و سرووشت ئەگەر لە ڕیزی ئاخری گرنگی پێداندا نەبن، دەکەونە پلەی دووهەمەوە. دەوڵەتەکان بۆ گرتنەبەری بڕیاری درووست و بەجێ بۆ پارێزگاری لە ژینگە شکستیان خواردووە، لەبەر ئەوەی ئەوان پابەندن بە پاراستن و پێشکەوتنی سرمایەداری. بەو هۆیەوە کە هەر دەوڵەت و دەسەڵاتێک لەسەر حیسابی کرێکاران و زەوی پارێزگاری لە سەرمایەدارەکانی وڵاتەکەی دەکات، ناتوانێت یاسا و ڕێسایەک پەسەند بکات کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی قازانج و فراوانبوونی بازاڕی ئەوان تەنانەت ئەگەر بە نزخی خوڵقانی کارەساتێکی ژینگەیی و سرووشتی تەواوبێت.

لە هەمانکاتدا، کرێکارانیش دەخرێنە هەلومەرجێکی ناوازەوە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو بتوانن بە کۆمەڵ کار بکەن بۆ مەبەستی بەدەستهێنان و کەڵەکەبوونی قازانج. کرێکاران، زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدەهێنن و لەم ڕووەشەوە لەبەر ئەوەی ناچارن تا هێزی کاری خۆیان بفرۆشن بۆ زیندوو مانەوە لە ژیان، پێگەیان ئەو توانایە کۆمەڵایەتیەیان لە بەرهەمهێناندا پێ دەبەخشێت بۆ گوشار خستنەسەر و لەپێ خستنی ئەو سیستەمە لەڕێگای مانگرتن و نارەزایەتی دەربڕینەوە. ئەم بابەتە بەتایبەت دەتوانێت لەلایەن کرێکارانی کەرتی گواستنەوە و ووزەوە ڕاست بێت، لەبەر ئەوەی کە ئەو کرێکارانە دەتوانن کەڵک لە هێزی خۆیان وەربگرن بۆ وەچۆکدادانی پیشەسازی سووتەمەنی فۆسیلی. بە پەیوەست بوون و یەکڕیز کردنی بەشە سەرەکیەکانی تر هەموو سیستەمەکە تووشی گرفت دەبێت. کرێکاران ئەم توانایی و هێزە نەوەک بە تەنیا بەڵکوو بەشێوەی کۆمەڵ و لەلایەن گفتوگۆ و بڕیاردانی دیموکراتیکەوە دەخەنە گەڕ. بە کردەوە و ڕێخراوبوونی بەکۆمەڵ، کرێکاران دەتوانن سرمایەداری تووشی گرفتی گەور بکەن و سیستمێکی نوێ بخولقێنن لەسەر بنەمای ئابووری کۆمەڵایەتی کە بەرهەمهێنان تێیدا لەباتی قازانج کردن، لەسەر بناغەی خواست و پێداویستیەکانی مرۆڤ و سرووشتە.

بە مەبەستی پێراگەیشتن و چارسەرکردنی قەیرانی ژینگەیی، کرێکاران پێویستیان بە خوڵقاندنی سیستمێکی نوێ دەبێت بۆ دابەشکردنەوەی سامانەکان و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ئابووری بەشێوەیەک کە خواست و داخوازیەکانی مرۆڤ و زەوی بخاتە پێش هەموو جۆرە قازانج و مەبەستێکی تر. قەبارە و بەرفراوانی ئەم ئەرکە بەم شێوەیەیە کە کرێکاران دەبێت بە کۆمەڵایەتی کردنەوەی کەرتی ووزە و فراوانکردنی ئەو وزانەی نوێ دەبنەوە، گەشەی پیشەی گواستنەوە و هاتوچۆی گشتی، پلان داڕشتن بۆ بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ بەسەرنجدان بە خاڵە ژینگەپارێزیەکان، کەم کردنەوەی کاتی کارکردن لە حەوتەدا بەبێ کەمکردنەوەی حەقدەست، برینەوەی بودجەی نیزامی هێزی سەربازی و شتی لەم بابەتەوە خۆیان خەریک بکەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکانە ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز و بە شێوەیەکی ڕاستەقینە دیموکراتیکە، وە بتوانێت هەموو پێداویستیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا بۆ هەمووان دابین بکات. ڕوونە کە ئەم ڕیگەیە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری قازانخواز و ناعەقڵانی و چەوت و نادرووستدا یەکناگرێتەوە. لەبەرئەمەیە کە پێویستمان بە گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەیە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی نوێ "ئیکۆسۆسیالیزم" بخولقێنێت، ئەمەش تەنیا لەڕێگای هێز و خەباتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداری بەدەست دەهێندرێت.

### فێمێنیزم

لە دڵی ڕوانگەیەکی ئێکۆسسیالیستیدا دەبێ فیمینیزمێکی قوڵ و پتەو هەبێت. ئەمە بە واتای ڕێبەرایەتی ژنانە بەتایبەت لەسەر بابەتگەلێکی تایبەت کە ژنان دەخاتە ژێر کاریگەریەوە. لێرەدا دوو بابەتی سەرەکی هەیە؛

### دەسالاتداریتی خۆراک

بە نوێنەرایەتی لە نزیک بە ٢٠٠ میلیۆن خەڵکی لادێکان و جوتیاران، لە باکور و باشور، بزووتنەوەی ڤیا کامپێسینا (via Campesina) "بزووتنەوەی جیهانی جوتیاران، خەڵکی ناوچەیی و خۆجێیی و جوتیارانی بێ زەوی کە خەباتدەکات بۆ دادپەروەری خۆراکی و پاراستنی زەوی و کشتوکاڵی ناوچەیی لەبەرانبەر کۆمپانیا زەبەلاحەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا" پێگە و کاریگەری ژنان لە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر کۆمانیاکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە ڕەسمەت دەناسێ. بەشداری ژنان دژی نایەکسانی و لەناوبردنی ژینگە و سرووشت زۆر پێویستە. ئەم بزوتنەوە خۆڕسکە کۆمەڵایەتیە لە ساڵی ١٩٩٦ بە بەشداری ١٦٤ ڕێکخراو لە ٧٩وڵاتی جیهانەوە پێکهات. بەسەر هەندێک لە بۆچوونەکانی ڕێکخراوی ڤیا کامپێسینا لە خورەوەدا دەچینەوە:

ژنان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بەڕێوەبەرایەتی و کاری ڕێکخراوی ڤیا کامپێسینادا. بەپێی ئاماری فائۆ، ژنان لەسەدا ٧٠ی خۆراک لە جیهاندا بەرهەمدەهێنن، بەڵام لەلایەن نیزامی پیاوسالاری و نێۆلیبرالیستیی خراونەتە پەراوێزەوە و دەخرێنە بەر چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرەوە. ئەم بزوتنەوەیە بەرگری لە هەموو مافێکی ژنان و یەکسانی ڕەگەزی لە هەموو بوار و قۆناغەکان دەکات، وە خەباتدەکات لە دژی هەرجۆرە هەڵاواردن و چەوساندنەوەیەکی ژنان. لە ساڵی ٢٠٠٨ ڤیا کامپێسینا شۆڕشێکی بەردەوام و جیهانی ڕێکخست بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژی ژنان لە ڕێگای مەحکومکردنی ئەو توندوتیژیە پێهاتەییانەی کە ژنان هەموو ڕۆژێک لەگەڵیدا بەرەوڕوو دەبنەوە، ئەو توندەتیژیانەی کە بەشێوەی ڕێکخراو دەنگی ژنانی کپکردووە کە بۆتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگای پیاوەمزنی سەرمایەداریدا ئەو جۆرە لە توندوتیژیە ببێتە شتێکی ئاسایی و نەیەتە بەرچاو. توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگای پێش سەرمایەداریشدا هەر بوونی هەبووە بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی سەرمایەداریەوە کە ئەم توندوتیژیانە لەهەموو بوارەکانی "سیاسی، ئابووری، فیزیکی و فەلسەفی" خۆیدا پەرەی سەندووە. ئەمرۆکە، توندوتیژی لەبەرانبەر ژناندا لە هەموو چینەکانی کۆمەڵایتی، بنەچەکان و گەرایشە سێکسیەکاندا دەتوانین ببینین و کاریگەری لەسەر هەردوو ژنانی لادێکان و ژنانی شاریش هەبووە.

کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ و مافی ژنان زۆرێک لەو ڕێکخراو و بزوتنەوە ژینگەپارێزانە کە لەسەر کێشمەکێشەکانی ڕێژەی دانیشتوانی گۆی زەوی کە زیاد لەڕادەی پێویستە، وە لە ئاکامدا بۆ ڕزگاربون لەو هەلومەرجە بەدوای ڕێگەچارەیەک بۆ کەمکردنەوەی توانای منداڵبوون لەژناندا دەگەڕێن، سەرکەوتوو بوون. لەو ڕوانگەیەوە کە ڕێژەی منداڵبوون بەگشتی لەژنانی هەژاردا زیاتر دەبیندرێت، کەوایە کەمکردنەوەی توانای منداڵبوون جەستەی ئەو ژنانە دەکاتە ئامانج کە کەمترین توانای دەستپێراگەیشتنیان بە ئامرازەکانی تەندرووستی منداڵبوون هەیە. ئێکۆسۆسیالیستەکان ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە. بە بڕوای ئەوان کێشەکە زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان نییە، بەڵکوو نایەکسانیە، هەروەها ڕێگەچارە نەوەکوو کەمکردنەوەی توانای منداڵبوونی ژنان بەڵکوو ڕاکێشانی سەرنجیانە بۆ خەبات لەپێناو یەکسانی و عەداڵەتی منداڵبوون و زاوزێ. ژنان بۆ ڕاهێنانی خۆبەڕێوەبەری شیاو و پێویستی هەر مرۆڤێک پێویستیان بە ئاساییش وپارێزگاری هەیە. ئەم ئاسایش پارێزگاریە بریتییە لە ماڵ و خانووی گونجاو، دەرفەتی خوێندن، کار و ئیشی شیاو و بە واتایەکی تر گرنگ، ڕزگاربون لە توندوتیژی خێزانی و ناوماڵ و هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە بڕیاردان سەبارەت بە منداڵبوون لە قۆناغەکانی ژیانیاندا سنووردار دەکاتەوە، پێداویستیە تەندروستی بەقازانج و ئاگالێبوون لە منداڵان. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەکرێت سەرنجتان بۆلای کتێبی " Sustaining Everyday Life: Bringing Together Environmental, Climate and Reproductive Justice"(٢) لە نووسینی جۆوانا دیچیرۆ ڕابکێشم.

### دونیایەکی تر مومکینە

کۆمەڵگایەکی خاوەن ئێکۆلۆژی سەربەست و بەردەوام، کۆمەڵگایەکە کە لە بناغەوە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا تاکگەرایەی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداری کە ئێمە هەنوکە تێیدا دەژین جیاوازە. وەها کۆمەڵگایەک خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیە:

بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی پێداویستیەکانی مرۆڤە؛ لەباتی بەرهەمهێنان بۆ خوڵقانی قازانج، یاسای دەسەڵاتدار بەسەر ئابووریدا دەبێ هاوئامانج و هاوتەریب بێت لەگەڵ پێداویستیەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەو ژینگە و ئێکۆسیستەمەی کە ئێمەی مرۆڤ پێویستمان پێیەتی. ئەمە ئەو هەلەمان پێدەبەخشێ کە بەرهەمهێنان بەشێوەیەک بێت کە دەبێتە هۆی بەردەوامی زیاتر نەوەک قازانجی زۆرتر، وە ئەوەش دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو باڵانە لە ئابووری وەکوو ڕیکلام کە تەنیا بەکاری پارە پەیداکردنی زیاتر دێن.

گشتیی و بۆ هەموان ؛ بەڕێوەبران و دەستپێراگەیشتن بە زۆرێک لە پێداویستیەکانی وەکوو گواستنەوەی گشتی، پارک و شوێنە گەشتیاریەکان، خوێندن بە کوالیتی باشتر و تەندرووستی، بۆ هەمووان دەبن. ئەمە هەم پاشەڕۆکان و زیادەڕۆیەکان کەم دەکاتەوە و هەمیش دەبێتە هۆی دەست پێراگەیشتنی هەمووان بەو کاڵا و بەرهەمە گشتی و کۆمەڵایەتیانە.

پلان بۆ دارێژراوە؛ ئێمە پێویستیمان بە ئابووریەکی پلان بۆ دارێژراوە بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان بە باشترین شێوە بۆ مرۆڤ و هەسارەکەمان تا لەباتی پەراوێزەکان، شارەکان ئاوەدان بکەینەوە و لەجیاتی کارگە و کارنەکانی خەڵوزیبەرد، کارگەی ووزە لە سەرچاوەکانی وەکوو با و خۆر بخولقێنین.

دیموکراتیک: دیموکراسی بۆ سەرکەوتنی هەر پلان و بەرنامەیەک پێویستە. ئەوکاتەی کە کرێکاران و کۆمەڵگا بۆ بڕیاردان سەبارەت بە بازنەی بەرهەمهێنان خاوەنی هێز بن توانایان دەبێت کە ڕێگەچارەگەلێکی داهێنەرانەی ژینگەدۆست بۆ تێرکردنی خواستە مرۆڤانەییەکان بخولقێنێت. ڕەزامەندی زیاتر؛ ئەوکاتەی کە ئێمە بەرهەمهێنان تەنیا بۆ لەناوبردنی خواستە پێویستەکانی مرۆڤ دەخەینە گەڕ، دەتوانین بە کەمکردنەوەی کاتژمێری کارکردن و سەعاتکار، مرۆڤەکان ئازادتر بکەین بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیانێکی ئاسوودە و گەشانەوەی توانایی و هونەرەکانیان.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە وەها کۆمەڵگایەک، واتە کۆمەڵگای ئێکۆسوسیالیستی، جێگەیەکی باشتر دەبێت بۆ ژیان. بیر بکەنەوە کە چەندە لە سترێس و دڵەڕاوکێکان کەم دەبوونەوە ئەگەر مرۆڤ دەستی ڕاگەیشتبا بە هەموو خزمەتگوازیەکانی تەندرووستی و فێرکاری. ئەگەرچی ئەو کۆمەڵگایە لەگەڵ ئەم کۆمەڵگا سەرمایەداریەی ئێستا یەکناگرێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەگەڵ خواست و قازانجی زۆرینەی کۆمەڵگادا دێتەوە، بە خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوە دیموکراتیکە سۆسیالیستە کۆمەڵایەتیەکان لەبەرانبەر سەرمایەداریدا، توانای گۆڕینمان دەبێت.

***



# کۆماری ئیسلامی و دوو بەرابەر بوونی ڕێژەی ئێعدامەکان لە ماوەی سێ ساڵدا

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا کە ماوەیەك لەمەوبەر بڵاوکرایەوە ڕایگەیاند، لە ساڵی ٢٠٢١ی زایینیدا، ٥٧٩ ئێعدام لە جیهاندا تۆمار کراوە، کە لانیکەم ٣١٤ کەسیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بەڕێوەچووە. لێبوردنی نێونەیەوەیی دەڵێت، پێدەچێت ڕێژەی ئێعدامەکان لە ئێران، پتر لە ٣١٤کەس بێت، لەبەر ئەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئاماری درووستی ئێعدامەکان ڕاناگەیەنن و دەستپێراگەیشتن بەو ئامارانەش بە تایبەت لەناوچە کەمینە نشینەکان، دژوارترە. ئەو ڕاپۆرتە دەریدەخات کە ساڵی ٢٠٢١، چوارمنداڵ لە ئاستی جیهاندا ئێعدام کراون کە کەسێکیان لە وڵاتی یەمەن و ئەوانیتر لە ئێران لە سێدارە دراون. لێبوردنی نێونەتەوەیی هەروەها ڕاگەیاند کە، ساڵی ڕابردووی زایینی ١٣کەس لە ئێران لە پێش چاویی خەڵك ئێعدام کراون.

ڕێکخراویی مافی مرۆڤی ئێرانیش لەم بارەیەوە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا هاتووە، لە ٦مانگی سەرەتای ئەمساڵی زایینیدا، ٢٥١کەس لە ئێران لە سێدارەدراون کە لە چاو ئەو ماوەیە، لە ساڵی پێشتردا دوو هێندە زیادی کردووە. ئەم ناوەندەی مافی مرۆڤ هۆشداری داوە کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەو ئێعدامە بەربڵاوانە، چاوترسێن کردنی خەڵك بە مەبەستی پێشگرتن لە نارەزایەتییەکانی دژی حکوومەتە.

کۆماری ئیسلامی بە ئێعدام کردنی بەربڵاویی نەیارانی سیاسی و توندوتیژی بەربڵاو لە دژی خەڵکی ئێران هاتە سەرکار و لە ماوەی ٤٣ساڵی ڕابردوو، لەم بوارەدا بەردەوام پلەی یەکەمی لە ئاستی جیهاندا بووە. ئێعدامەکان تەنیا لە چوارچێوەی قەتڵ و عامی نەیارانی سیاسیدا بەرتەسك نەبۆتەوە، بەڵکوو هەزاران کەس لە خەڵکی ئێرانی، بەهۆکاری جۆراوجۆر ئێعدام کردووە. دەزگای دادوەری ڕژیم تەنانەت دەستی لە ئێعدامی منداڵان، ژنان، موعەلیمان، نەخۆش و پیر و بەساڵاچووەکانیش، نەپاراستووە. بە پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان لە دژی دەسەڵاتی ئیسلامی و بە ئامانجی ترساندن و زاڵبوون بەسەر نارەزایەتییەکاندا، ڕێژەی ئێعدامەکان، بە تایبەت لە ناوچەکانی وەك، سیستان و بەلوچێستان، خوزستان و کوردستان، بەرزبوونەوەیەکی بەرچاویی بەخۆیەوە بینیوە و بەڕوونی دەردەکەوێ کە ڕێژەی ئێعدامەکان لەساڵی ٢٠٢٢د، لەچاو ساڵی ٢٠١٩، دووبەرابەر، زیادی کردووە.

پاساوی ڕژیم لە دەستبردن بۆ ئێعدام کردنی مەحکووم کراوانی دادگاە ئاساییەکان لە ئاستێکی بەربڵاودا، ئەوەیە کە گۆیا لەم ڕێگایەوە. لە لایەکەوە ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیی دەباتە سەرێ و لە لایەکیترەوە عەداڵەت بەڕێوەدەبات، کە هەر دووی ئەم پاساوانە، درۆ و فریوکارانەیە.

یەکەم ئەوە کۆماری ئیسلامیە کە ئەمنییەتی لە ژیانی خەڵك زەوت کردووە، لەبەر ئەوەی ئاستی کرداری تووندوتیژی و کوشتاری وەحشیانەی ڕژیم بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ڕێژەی تووندوتیژی و جینایەتە تاکەکەسیەکان نایەتەوە. ئاستی کڕینی و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان لە ڕێگای مافییاکانی ژێر کۆنترۆڵی سپای پاسداران و دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئاستی چالاکییەکانی قاچاخچیە تاکەکەسیەکان، وەك نییە. کەی زەوت کردنی ئەمنییەت لە ژیانی خەڵك لەلایەن ڕژیمەوە و لە ڕێگای دەستێوەردانی بەردەوام لە هەموو بوارەکانی ژیان، بە وەسیلەی بەسیجی و گەشتەکانی "ئەمری بە مەعروف و نەهی لە مونکەر" و لیباس شخسیەکان، لەگەڵ تاوانە تاکەکەسیەکانی کە بە ئەنگیزەی شەخسی بەڕیوەدەچن، وەك یەك وان؟

دووهەم ئەزموونی هەموو کۆمەڵگاکان و ئامار و زانیارییە جێگای باوەڕەکان دەریدەخەن کە، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا ئەمنییەتی خەڵك لەم ڕێگایەوە زیاتر نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئێعدام خۆی لە خۆیدا هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕەواننا‌سانەی تووندوتیژی، بەهێزتر دەکات. کاتێك کوشتن لەبەرامبەر کوشتندا بە وەسیلەی دەوڵەت ڕێگە پێدراوە، بۆ دەبێت کەسی ئاساییش بەم کارە هەڵنەستێ و بەدەستی خۆی ئەم بەناو عەداڵەتە، بەڕێوەنەبات؟ هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام بەواتای ئەوە دێت کە گیانی ئینسان بایەخی هەیە و بە نەمانی سزای ئێعدامیش بە شێوەیەکی ئاسایی گیانی زۆریەك لە ئینسانەکان دەپارێزرێت. لە حاڵێکدا بەڕێوەچوونی ئەو سزایە نەتەنیا کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی جینایەتەکان نییە، بەڵکوو کاتێك دەوڵەتەکان بەشێوەی یاسایی و لەژێر ناویی "سزای ئێعدام" دەست دەدەنە کوشتنی ئینسانەکان، لە ڕاستیدا بە کەمکردنەوە لە بایەخی پاراستنی گیانی ئینسانەکان، ڕێگە بۆ دووپات بوونەوەی، لە کۆمەڵگادا خۆشدەکات.

ئەو پاساوانەی کە لە بواری سزای ئێعدامدا بوونیان هەیە جگە لە درۆیەکی ئاشکرا، هیچیتر نییە. لەبەر ئەوەی یەکەم، ئینسانەکان لەرۆژی ئەوەڵەوە تاوانبار، قاتڵ، قاچاغچی و جینایەتکار نیین، بەڵکوو لە هەڵسەنگاندنێکی بنەڕەتیدا ئەوە هەل و مەرجی ماددی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ئینسانەکان بەرەو تاوان و جینایەت پاڵ پێوە دەنێ و دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتدار، بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆی سەپاندنی ئەم هەل و مەرجە ماددیەیان، بەسەر ژیانی زۆربەری خەڵکدا، دەکەوێتە ئەستۆ. کەسانێك موستەحەقی سزادانن کە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی کرداری تاوانبارانە، دەخوڵقێنن.

بەڵام ئیدعای بەڕێوەبردنی عەداڵەت لە ڕێگای سزای ئێعدامەوە لەوەش بێ ناوەڕۆکترە. ئەگەر قسە لە عەداڵەت بێت تاوانباری سەرەکی خودی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیە کە گیانی لە بە هەزاران ئینسان، تەنیا بەهۆی بیروباوەڕەکانیان و خەبات لەپێناو باشترکردنی ژیان لە کۆمەڵگادا سەندووە و ماشێنی کۆشتار و جینایەتەکەی تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ڕاناوەستێ، کەی دابینکردنی عەداڵەت لە ئاوا ڕژیمێکی جینایەتکار، چاوەڕوان دەکرێت؟ ئەم ڕژیمە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە دەزگای کوشتار هەیە. ئەم دەزگایە دەبێ تێکبشکێندرێت و لەکار بکەوێت. کە ئەمەش مومکین نابێت مەگەر بە لە گۆڕنانی، ئەم ڕژیمە نەبێت.

بێگومان لە پاش کۆتایی هاتن لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی، نەتەنیا لەژێر هیچ پاساوێکدا فەرمانی زەوتکردنی ژیان، لە هیچ کەسێك قەبوڵ ناکرێت، بەڵکوو بە فەرمانی شۆڕا جەماوەرییەکانی خەڵك، لە ڕێگای دادگایەکی باوەڕپێکراوەوە، بەدواداچوون بۆ جینایەتی جینایەتکارە ورد و درشتەکانی کۆماری ئیسلامی دەکرێت، بەڵام هیچکەسێك فەرمانی ئێعدام دەرناکات.

***

# مردنی ٤٠ هەزار کەس لە ساڵدا، بە هۆی پیسبوونی هەوا لە ئێران

ئەم بارودۆخە بۆهەموو تەمەنەکان مەترسیدار ڕاگەیەندراوە. دوابەدوای تووندتر بوونەوەی ڕادەی پیسبوونی هەوا و ئەوەیکە تاران کەوتە بارودۆخی "بنەوشەوە" نەخۆشخانە و ناوەندە دەرمانییەکانی پێتەخت، کەوتنە حاڵەتی ئامادە باشیەوە.

حەسەنلوو بەرپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پیسبوونی هەوای تاران سەبارەت بە ستانداردی کەیفییەتی هەوا لە ئێران، وتی: لەماوەی یەك دەیەی ڕابردوودا ئێران تەنیا وڵاتێك بووە کە نەتەنیا ڕادەی ستانداردی میللی کەیفییەتی هەوای کەم نەکردۆتەوە، بەڵکوو بەهۆی دەست پێڕانەگەیشتن بە کەیفییەتی هەوای گونجاو، تەنانەت ڕادەی ستانداردی، بەرزتر کردۆتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئیبراهیمی ڕەئیسی ڕۆژی ٢١ی پوشپەڕ، لە دانیشتنی وەزیرانی ژینگەی وڵاتەکانی ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا وتبووی، ئێران ئامادەیە ئەزموون و زانستەکانی خۆی لە بابەت کەمکردنەوەی پیسبوونی هەوا، لە ئیختیار وڵاتەکانی جیهاندا دابنێ.

بە پێی ئامارە حکوومەتییەکان لە ئێران بە هۆی پیسبوونی هەوا ڕۆژانە ١١٠ کەس، گیان لە دەستدەدەن کە، بێگومان ئامارە ڕاستەقینەکان پتر لەوەیە. ئەمە واتای مەردنی ٤٠ هەزار کەس لە ساڵدا بە هۆی نالایقبوون و بەرپرسیارنەبوونی حکوومەتی ئیسلامی لە ئاست گیان و ژیانی خەڵك و هەروەها بڕیارە کارەساتبار و نازانستییەکانی بەرپرسانی دەوڵەتیی و ژینگەییە.

بە شێوەیەکی گشتی، مامناوەندی ڕێژەی مەرگ و میر لە ئێران، وێنایەکی کارەساتبار لەوەیکە لە ئێران دەگوزەرێت نیشاندەدات. مردن بەهۆی پیسبوونی هەوا، بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ، بەهۆی ئەو ڕووداوە سرووشتییانەی کە دەکرێت پێشیان پێ بگیردرێت، مردنی منداڵان بەهۆی گرفتی خۆراك و دەرمان، مردن بەهۆی کرۆنا و بەهۆی بەکار نەهێنانی خێرای واکسیناسیۆن و دووپات بوونەوەی هەر ڕۆژەی مردن و گیان لەدەستدانی مرۆڤەکان، بەجۆرێك ئاسایی بۆتەوە کە وەك بڵێی ڕووداوێکی بچووکن و خەڵك لەگەڵ دووپات بوونەوەکەیان ڕاهاتوون.

پیسبوونی هەوا بابەتێکی جیهانییە و بە ڕەچاوکردنی سیاسەتی درووست و زانستیی و ژینگەیی، بە سەرمایەگوزاری کردن لە بواری وزەی خاوێن، بە پێکهێنانی تۆڕی ئەمن و هەرزانی گواستنەوەی گشتی، هاندان و ئاسانگرتنی دامەزراوە جەماوەری و دانشگاییەکان، بەکار هێنانی کارناسانی خاون ڕا و پسپۆڕ، لە بوارە جیاوازەکانی ژینگەی تەندرووست و ڕاهێنانی خەڵك و بەکارهێنانی ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، دەکرێت بەر بە پیسبوونی هەوا بگیردرێت و کێشە و گرفتەکانی سەرچاوە گرتوو لە پیسبوونی هەوا تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە.

بە پلانی کورت ماوە، مامناوەند و درێژماوە، هەروەها بەشداری چالاکانەی خەڵك بە پیشەیی کردن و بەڕۆژ کردنەوەی تکنۆلۆژیا لە بوارەکانی پیشەیی، کشت وکاڵ، درووستکردنی فەزای سەوزی زیاتر و پێشگرتن بە لەناوچوونی دارستانەکان، ڕەخساندنی بواری گونجاو بۆ گرووپەکانی لایەنگری ژینگە، هەروەها بە هاوکاری ناوچەیی و جیهانی، دەکرێت پیسبوونی هەوا بە ڕادەیەکی زۆر، کەم بکرێتەوە. کارێکی کە کۆماری ئیسلامی خرابترین نموونەی لەناو دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی جیهاندا، لە خۆی نیشانداوە و لە هەموو ئەم بوارانەدا بە شێوەیەکی دووژمنکارانە و وێرانگەر، بە پێچەوانەی ئەوانە کاری کردووە.

لە ئێران سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هۆکاری وێرانبوون و پیسبوونی ژینگە بووە. ڕژیم بە ڕێگە پێدان بەوەیکە پاشەڕۆکان بڕژێنە ناو ڕووبار و دەریاچە و قامیشەڵان و زۆنگاوەکان، زەرەر و زیانێکی لە قەرەبوونەهاتووی، بە ژینگە گەیاندووە. بە وردنەبوونەوە لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی گەڵالەی ٥ ساڵەی ئابووری، بە درووست کردنی بەنداوی ناکارناسانە، گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکان و لەناوبردنی زەویی و زارەکان، زیانێکی گەورەی بە ژینگەی ئێران گەیاندووە، کە دەرەنجام و لێکەوتەکانی، لە پیسبوونی لەڕادەبەدەری هەوا، ئاگرتێبەربوونی دارستانەکان، درووست بوونی لافاو، وشکبوونی ڕووبار و دەریاچە و زۆنگاوەکان و هەروەها ڕۆچوونی زەوی و لە کەڵکەوتنی ساڵانەی هەزاران هێکتار لە زەوییە پڕپیتە کشتوکاڵییەکاندا، خۆی نیشاندەدات.

واقعییەت ئەوەیە کە گیان و تەندروستی خەڵك بۆ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ بایەخێکی نییە. ئەم بێ موبالاتی و نابرپرسیارێتییەی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامی، بەتایبەت لە هەڵسووکەوت لەگەڵ کارەساتە ژینگەییەکان، زۆر بەرچاوە. بەرپرسیارێتی گەیاندنی زەرەر و زیانێکی ئاوا قورس بە خەڵك، لە ئەستۆی دەسەڵاتێکە کە تیایدا، گەندەڵی، دزی و بەرتیل وەرگرتن لە هەموو ئاستەکانی ڕژیمدا جێگیربووە. ئەگەر تەنیا بەشێك لەو بە ملیارد دۆلارانەی کە ساڵانە خەرجی پڕۆژە مووشەکی و ئەتۆمیەکان، بەهێزکردنی هێزە سەرکووتگەرەکان، دەستێوەردانە ناوچەییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکان، خەرجی ناوەند و دامەزراوە ئاینییەکانی پەرەپێدەری خۆرافات و دواکەوتوویی دەکرێت، خەرجی پێشگرتن بە لەناوچوونی دارستانەکان و پیسبوونی هەوای شارەکان و هیتر دەکرا، شایەتی کارەساتی مەرگی ٤٠ هەزار مرۆڤ لەساڵدا، بە هۆی پیسبوونی هەواوە نەبووین.

پێشگرتن بە دەستدرێژییەکانی ڕژیم و خاوەنانی سەرمایە بۆسەر ژینگە و تەندرووستی مرۆڤەکان ، چ لە ئێران و چ لە باقی وڵاتەکانیتر، لە گرەوی بەهێزتربوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ژینگەییەکان، لە هەموو شوێنێك دایە. مافی هەر مرۆڤێکی سەر ئەم گۆی زەوییە کە لە هەوای تەندرووست و ئاویی خاوێن و خۆاردەمەنی پێویست بەهرەمەند بێت. بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، دژ بە تاوانبارانی لەناو بردنی ژینگە، خەبات بکرێت.

***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 424- Aug 2022
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# قەیران لەناو دەسەڵات و هێزنواندن لەناو زیندان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و بەدوای گیرانی چەند کەس لە پێشمەرگەکانی ”کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران“ لە کاتی مەئمورییەتێکدا لە ناوەوەی وڵات، شەپۆلێك لە تەبلیغاتی ناسراو و نارەوای ڕژیم بە ئامانجی زیان پێگەیاندن بە بەرحەق بوونی جێگە و پێگەی مەعنەوی و سیاسی، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە لای بیر و ڕای گشتی، کەوتۆتە ڕێ.
سەرەڕای هەر ڕەخنەیەك کە لەم شێوە حەرەکەتانە و لە هەل و مەرجی ئێستادا هەمانە، هەموولایەك لەگەڵ شێواز و تاکتیکەکانی دوژمن سەبارەت بە بابەتی لەم چەشنە ئاشنان. درووستکردنی سناریۆی ناڕاست و دوور لە واقعییەت، بە ئامانجی نواندنی هێز بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك، شاردنەوەی کەلێنە قووڵە ئەمنییەتییەکانی و بردنە سەرێ وورەی هێزەکانی، شێوەیەکی ناسراوە لە کار و کردەوەکانی دام و دەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی و ئەمڕو ئیتر کەمتر کەسێك بایەخیان پێدەدات.
حکوومەتی ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێك قەیرانی قووڵی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و دیپلۆماسی بەرەوڕووە و وڵامی ڕژیم بە سەرجەم ئەو قەیرانانە، سەرکووتی زیاتر لە ناوەوە و پەرپێدان بە کاری تیرۆریستی لە دەرەوەیە. ملیۆنان کەس لە ژنان، لاوان، موعەلیمان، کرێکارانی بێکار، کەشاوەرزان، ماڵ لە دەستچووان، خانەنشینکراوان، خەڵکی کوردستان، دانیشتووانی بێبەشی خوزستان و ئەو کرێکارانەی کە تەنانەت حەقدەستە کەمەکەشیان لە کاتی خۆیدا



پێنادرێ، ڕۆژ نییە دەنگی نارەزایەتیی خۆیان دژ بەو بارودۆخەی ئێستا و بە شێوەی مانگرتن و کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی سەرشەقام دەرنەبڕن. وڵامی ڕژیم بەم نارەزایەتیانە و بە داخوازیی جەماوەری ناڕازیی بریتی بووە لە: دەستبەسەر کردنی زیاتر، تەقەی ڕاستەوخۆ لە ناڕازییان، نواندنی توندوتیژی لە شەقام و ناو زیندانەکان. ئەو ڕژیمە داماوە، کە توانایی چارەسەری کێشەی ژیان و بەڕێوەچوونی خەڵك و وڵام دانەوە بە کارەساتی ژینگەیی، پێکهێنانی هەلی کار و پێشگرتن لە گرانی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری نییە و هەروەها بێ توانایە لە ئاست نفووزی دام و دەزگای زانیاری و ئیتلاعاتی وڵاتەکانی تر و بەتایبەت ئیسرائیل لە قووڵایی سیستەمی ئەمنییەتیی و ئیتلاعاتی ڕژیمدا، بۆ بە ڕیزکردنی لایەنگرانی خۆی و بۆ نیشاندانی هێز، پەنای بردۆتە بەر، درووستکردنی سناریۆ لە ڕێگای ئەشکەنجە لەناو زیندانەکاندا و هەرتاو ناتاوێك ژمارەیەك لەچالاکانی ژینگەیی، نووسەران و هونەرمەندان، ژنانی ناڕازیی بە حیجابی زۆرە ملێ، کۆمەڵێك لە چالاکانی فەرهەنگی و مامۆستایان، هەڵسووڕاوانی کرێکاری و سیاسی و پێشمەرگەی بەدیلگیراو، لەداو دەخات و لەژێر ئەشکەنجەی وەحشیانەی سەدە ناوەڕاستیدا، ناچار بەدان پێدانانێکی بێ بایەخ دەکات و بە درووست کردنی سناریۆی ناڕاست و سواو، تۆمەتی بێ بنەمایان بۆ درووست دەکات.

ئەم زیندانیە سیاسیە بێ دیفاعانە، لە زینداکاندا، لەگەڵ بەدەست هێنانی یەکەم دەرفەت، ناڕاست بوونی ئەم سناریۆیانە و ئەشکەنجەی بێ بەزەییانەی خۆیان، لەقاو دەدەن و هەموو وتە و دان پێدانانە ناچارییەکانی خۆیان لە زیندان وەردەگرنەوە و لە مافی ئینسانی و کەرامەتی کەسێتی خۆیان، دیفاع دەکەن.
٤٣ ساڵە کە شایەتی ئەشکەنجە و گووشار لە زیندانەکان، بەڕێوەچوونی دادگای فەرمایشی بۆ ڕێکخستن و درووستکردنی سناریۆی دژە ئینسانی و ناواقعین. ئەگەرچی خۆڕاگرییەکانی ناوەوە و دەرەوەی زیندان هەتا ئێستا زۆر یەك لە سناریۆ و پیلانگێڕییەکانی ڕژیمی، تووشی شکست و ناکامی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دەستبەسەرکرانی هەر چالاکێکی سیاسی لە کوردستان و ئێران بە گشتی، مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە ڕژیمی داماو و دام دەزگای گەندەڵ و جینایەتکاری ئیتلاعات، دەست بکەن بە درووستکردنی زەنجیرە سناریۆیەکی ناڕاست و ئەمنییەتی و ئەوەیکە لە بیر و زەینی نەخۆشی خۆیاندایە، بە سەر زیندانیانی بێ دیفاعیدا بسەپێنن.

حکوومەتی ئەشکەنجە و ئێعدام گەلێك ڕسواتر لەوەیەکە خەڵکی شەریف و ئازادیخواز باوەڕ بە هەرا و هۆریای تەبلیغاتی و سناریۆ ڕسوا و ناسراوەکانی بکەن. دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەشکەنجە و ئێعدام، ئەرکی هەر ئینسانێکی شەریف و سەرجەم هێزە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانە.

حکوومەتی ئیسلامی بەرپرسی گیان و تەندرووستی زیندانیانی سیاسیە و هەرچەشنە سناریۆ سازییەکی ئەم ئەشکەنجەگەر و جینایەتکارانە، دەبێ مەحکووم و بێ بایەخ و بێ ئێعتبار بکرێت.

***

دواستون

## بۆ پشتیوانی لە دایکانی دادخواز

هەزاران کەس لە دایکان و باوکان، جگەرگۆشەکان، هاوسەران، خوشکان و برایانی دادخواز، خوازیاری وڵامدانەوەی بەرپرسانی دادوەری و ئەمنییەتی حکوومەتی ئیسلامین، بەو پرسیارەی کە، ئازیزەکانیان بۆچی کوژراون، لە کوێ بە خاك سپێردراون، هەروەها خوازیاری موحاکمە و سزادانی بکەران و ئەو کەسانەش بوون کە فەرمانی ئەو جینایەتەیان دەرکرد.

لە چل و سێ ساڵ لەوەپێشەوە کە حکوومەتی ئیسلامی بە ئێعدام و جینایەت هاتە سەرکار، هەتا بە ئەمڕۆ دەیان هەزار کەس لە نەیارانی سیاسی ڕژیم، هەر لە کەسانی ئاساییەوە بگرە، ئەوانەی کە موسڵمانن و شیعەی جێ مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی نەبوون، لە خەڵکی کوردستان تا سیستان و بەلووچێستان، خەڵکی خوزستان هەتا هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان، بەهایی و بیرجیاوازەکان، تەنانەت موسافرەکانی فرۆکە ئۆکراینیەکەی کە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی بەرپرسانی نیزامی لە ئاسمانی تاران و بە مووشك گیانیان لە دەستداوە و دایکان و باوکانی دادخواز، بەشوێن موحاکمە و سزادانی بکووژانی ئازیزانی خۆیانەوەن.
حکوومەتی ئیسلامی لەو بە دەگمەن نیزامانەی ئێستای جیهانی سەردەمە کە، نەتەنیا جینایەت دەکات، بەڵکوو دایکان و باوکانی دادخوازیش دەستبەسەر و زیندانی دەکات، ئەشکەنجەیان دەکات و بە پەرەپێدانی تیرۆر و وەحشەت لەناو بنەماڵەی گیانبەختکردواندا، هەوڵدەدات، بەربە دادخوازی ئەندامانی بنەماڵەکان و دادخوازییە ڕەوا و ئینسانییەکانیان، لە پێناو موحاکمە و بەسزا گەیاندنی قاتڵانی ئەشکەنجەگەر و جووخەکانی ئێعدام و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتانە بگرێت.

دایکانی دادخوازی ئێعدامەکانی دەیەی ٦٠، دایکی پێشمەرگە و زیندانییە لەسێدارە دراوەکانی کوردستان، دایکانی قەڵی عامی قارنێ و قەڵاتان، دایکی تیرۆرکراوەکانی دەستی ڕژیم لە کوردستانی عێراق، لە تورکییە و وڵاتەکانیتری جیهان، دایکانی خاوەران، دایکانی دادخوازی ئابان و دایکانی دادخوازی چوار دەیە جورم و جینایەتی ئیسلامی، نەتەنیا مافی خۆیانە خوازیاری وڵامدانەوە و ڕوونکردنەوەی مەرگی ئازیزەکانیان بن، بەڵکوو مافی سروشتی و ئینسانی و سەرەتایی ئەوانە کە، بەبێ بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ تیرۆر و ترساندن و تۆقاندن، خوازیاری موحاکمە و سزادانی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو جینایەتانەی، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بن.

کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستماتیك لە دژی بنەماڵە ئازار چێشتووەکانی گیانبەختکردوانی سیاسی، کار دەکات. ئەندامانی بنەماڵەی گیانبەختکردوان دەستبەسەر دەکات و هەڕەشەی ئەشکەنجە کردنیان لێدەکات، گەلێك جار لە پیشە دەوڵەتیەکان دووریان دەخاتەوە و بەربە دامەزراندنیان دەگرێ و تەنانەت بەربە خوێندنی ئەوان لە دانشگاکان و ڕشتە تایبەتەکانی خوێندن دەگرێ. ئەو سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێت کە بۆ بنەماڵەی بەکرێگیراوانی سەر بە ڕژیم لەژێر ناوی بنەماڵەی ”شەهیدانی شەڕ“ و هیتردا، گەلێك ئیمکاناتی ماڵی و کۆمەڵایەتیان بۆ لەبەر چاو دەگرن و بەکردەوە کردوونی بە بەشێك لە دام و دەزگای سیخوڕی و سەرکووتی خۆی.

زۆریەك لە دایکان و باوکانی دادخواز لە زینداندان یان لە دەرەوەی زیندان لەژێر گوشاری بەکرێگیراوانی ڕژیمدان، هەر بۆیە پشتیوانی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردوان و زیندانییە سیاسیەکان، ئەرکی سەر شانی هەر ئینسانێکی شەریف و ئازادیخوازە. بە پشتیوانی لە دایکان و باوکانی دادخواز نەهێڵین جینایەتەکانی ڕژیم، بە بێدەنگی بەڕێوەبچن. داخوازی موحاکمە و بە سزاگەیاندنی بەکران و بڕیاردەرانی کوشتاری خەڵك، مافێکی سرووشتی و ئینسانی بنەماڵەی گیانبەختکردوانە.

پێویستە خواستی ئازادی خێرا و بێ شەرت و مەرجی دایکان و باوکانی دادخواز و پێویستیی موحاکمە و بەسزا گەیاندنی بکەرانی کوشتاری خەڵك، ببێت بە خواستێکی خێرا و گشتگیر لە هەر خەبات و نارەزایەتییەکی جەماوەری دژ بە کۆماری ئیسلامی. دایکانی دادخواز بەڵگە و هێمای جینایەتەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەلایەك و خۆڕاگری و خەباتی جەماوەری لەلایەکی ترەوەن. دایکانی دادخواز تەنیا دایکی گیانبەختکردوانی سیاسی و قوربانیانی شەڕ و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نین، ئەم ژن و دایکە ئازار چێشتوو و عەدالەت خوازانە، پێشەنگی دوارۆژێکی باشتر و ئینسانیترن بۆ کۆمەڵگای ئێران، کە نابێت هیچ جینایەتێك بێ وڵام بمێنێتەوە. دەبێ بکەرانی کوشتاری خەڵك دادگایی بکرێن و بە سزای خۆیان بگەن. دایکانی دادخواز ئاڵا هەڵگر و موژدە بەخشی نیزامێکن کە تیایدا ئێعدام و ئەشکەنجە بوونی نابێت، بکەرانی کوشتار و لەسەرووی ئەوانەوە، دەسەڵاتدارانی سیاسی، وڵامدەرەوەی دادگا جەماوەرییەکان دەبن و هیچ جینایەتێك بێ وڵام نامێنێتەوە. دایکانی دادخواز دایکی ئێمەن و ئازادی بێ شەرت و مەرجی خێرای ئەوان، خواستی سەرجەم جەماوەری شەریف و ئازادیخوازە.

***

# ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

گرێبەستی دوو دەوڵەتی سوئێد و فینلاند لە گەڵ دەوڵەتی تورکییە لە سەر حیسابی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان ئیدانە دەکەین!




ڕاگەیاندنی نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:

گرێبەستی دوو دەوڵەتی سوئێد و فینلاند لە گەڵ دەوڵەتی تورکییە لە سەر حیسابی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان ئیدانە دەکەین!

لە سەرەنجامی دانوسانی دەوڵەتەکانی سوئێد و فینلاند لە گەڵ دەوڵەتی تورکیە بۆ ئەندامییەتی سوئێد و فینلاند لە ڕێکخراوی پەیمانی باکوری ئەتلەسی (ناتۆ)، گرێبەستێک هاتە ئەنجام کە خاڵە گرینگەکانی دژایەتییە لە گەڵ بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان. بە پێی ئەم گرێبەستە، دەوڵەتانی سوئێد و فینلاند پابەند دەبن پشتیوانی خۆیان لەو لایەنانەی کە دەوڵەتی تورکییە بە ”تیرۆریست“یان دەزانێت کۆتایی پێ بێنن. هەروەها پابەند دەبن کەسانێکیش کە لە لایەن تورکییەوە بە ”تیرۆریست“ تۆمەتبار دەکرێن ڕادستی تورکییە بکەنەوە. یەکێکی تر لە خاڵەکانی ئەم گرێبەستە فرۆشتنی چەک و تەقەمەنییە بە دەوڵەتی تورکیە. ئاشکرایە کە لەم دانوسانەدا هەوڵدراوە لە سەر حیسابی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان هەرکام لەم دەوڵەتانە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن و زۆرترین بەهرە بە دەست بێنن.

دەوڵەتی تورکییە، کە لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا لە گەڵ نارەزایەتی جەماوەری ڕووبەڕووییە و قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان تەنگی پێ هەڵچنیووە، هەوڵ دەدات لە ئاستی دەرەکی‌دا و بە ”تیرۆریست“ ناساندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان، باری قورسی گوشارە ناوخۆییەکان لە سەر خۆی سووک بکات، خۆی لەو ئەزمەی کە توشی بووە ڕزگار بکات و بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو هاوسەنگی ناوخۆی بە قازانجی خۆ بگۆڕێت. ئەم دەوڵەتە کە نەیتوانیوە بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی تر لە تورکییە، لە ڕێگای توندوتیژی و شەڕ و کوشتارەوە لە ناوبەرێت، هەوڵ دەدات بە پشتیوانی دەوڵەتانی تر ئەم ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنێت. هاوکات دەوڵەتی تورکییە بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک و جەماوەری لە ڕۆژئاوا تەحەمول ناکات و بە مەترسییەک لەسەر خۆی دەزانێت.

دەوڵەتانی سوئێد و فینلاند، بە پێچەوانەی کەژوهەوای ناو کۆمەڵگاکانیان کە خوازیاری پێکهاتن لە گەڵ دەوڵەتانی دیکتاتۆری وەک دەوڵەتی تورکییە نین، تەنها لە ڕووی بەرژەوەندی و کێشەی نێودەوڵەتییەوە، کە هیچ پەیوەندییێکی بە بەرژەوەندی و ئاسایشی خەڵکانی ئەم وڵاتانەوە نییە، دەستیان داوەتە ئەم پێکهاتنە. هەربۆیە، لە ئێستادا ئازادیخوازان و بەشێکی بەرچاو لە ڕای گشتی سوئێد و فینلاند کاردانەوەیان لە دژی ئەم پێکهاتنە هەبووە و ئەوەیان وەک لادان لە پرنسیپە ناسراوەکانیان بە ئەژمار هێناوە.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات، وێڕای ئیدانە کردنی دانوسانی دەوڵەتان لە سەر حیسابی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک کوردستان، جارێکی تر پێداگری لە سەر ئەو ڕاستییە دەکات کە بەرژەوەندی دەوڵەتانی سەرمایەداری، لە ناوچەکە بێت یا لە ئاستی جیهاندا، هیچ کات هاوتەبا لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەیدا نییە. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان تەنها بە پشت بەستن بە هێزی خۆی و پشتیوانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی تر لە ناوچەکە و لە جیهاندایە کە دەتوانێت سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات.

هاوکات، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات بانگەوازی هەموو ئازادیخوازان دەکات کە هاودەنگ و تێکڕا دژی ئەم پیلانەی دەوڵەتان لە دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان هەڵوێست بگرین و بە کردەوە نەهێڵین دەولەتان بەم شێوەیە و لە سەر حیسابی ئەم بزووتنەوەیە، و یا لە سەر حیسابی هیچ بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی تر، بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات

***